**لەشاری هەولێر (٩١٥) هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش (٤٧٣) بنکەی دەنگدان کراوەتەوە، هەروەها نۆ قەوارە لەشاری هەولێر بەشدارییان لەهەڵبژاردن کردووەو (١٤٨) کاندیدیش خۆیان کاندید کردووە بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی عیراق .**

هاوپەیمانیی کوردستان
التحالف الكردستاني
٣٧٢

# چاوەڕێدەکەم خەڵکی هەولێر رابردووی زەحمەتکێشانی لەبەرچاو بێت

## نەسروڵلا سورچی کاندیدی زەحمەتکێشان لە هەولێر

نەنەسروڵلا نجم الدین کاندیدی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە حزبەکەی وەک چۆن لە رابردوودا لەخەم کێشەو گرفتەکانی خەڵکی کوردستان بووەو بەرگری لە مافو داخوازییە رەواکانیان کردووە، لەداهاتووشدا بەهەمان حەماسو نەفەس کاردەکەن، ئەوەش روونده‌کاتەوە، کە خەباتی زەحمەتکێشان لەپێناو خەڵک، بۆتە بەشێک لە ئەخلاقی سیاسییو نە سەرکردەو نە کادرەکانی رۆژێک لە رۆژان دەستبەرداری ئەو میتۆدە نابن کە بۆ زەحمەتکێشان بۆتە بەشێک لە شووناسەکەی.

مامۆستا نەسروڵلا نجم الدین ئەوەش روونده‌کاتەوە کە ئەو پێیوایە خەڵکی ناوچەکانی هەولێرو دۆستو هاوەڵەکانی ئەو خەباتو رابردووەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە بەرچاو دەگرنو پشتیوانی سەرخستنی لیستەکەش دەکەن.

**خەمخۆری بۆ ناوچە دابڕاوەکان**

نەسروڵلا نجم الدین کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپارێزگای هەولێر مەسەلەی هێزی پێشمەرگەو ناوچە دابڕاوەکان دەکاتە ئەولەویەتی خۆیو دەڵێت "لە پەرلەمانی بەغدا پێداگری تەواو دەکەین لەسەر گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەتایبەت شاری کەرکوک، هەوڵیش دەدەین لەرێگەی گفتوگۆ و دیالۆگو خستنەڕووی دیکۆمێنتو بەڵگەنامە دەستوورییەکانەوە کوردستانیبوونی کەرکوک بۆ هەموو لایەک بسەلمێنین". ئاماژە بەوەشدەکات کە دوای دەرچوونی هەولدەدات لەرێگەی لیستی هاوپەیمانییەوە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان دروست بکەن، راستییەکانیشیان بۆ ئاشکرا بکەن، بەتایبەت کە ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر یەکلاییکردنەوەی مەسەلەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانی تر.

لەهەمانکاتدا سورچی ئەوەشی روونکردەوە، کە لەبەغدا داکۆکیکاری مافەکانی تورکمانو مەسیحیو عەرەبە رەسەنەکانی شاری کەرکوک دەبنو کەرکوک دەکەنە سەرچاوەی بە یەکەوە ژیانی نەتەوەکان، بەڵام سازش لەسەر ناسنامەی کوردستانیبوونی کەرکوک ناکەن.

**بەرگری لە ناسنامەی پێشمەرگە دەکەین**

لەبارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیشەوە ئەو کاندیدەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەوەی بە ئاڵای ئازادی گەیاند، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی رزگارکەرو خەباتکارە لەدژی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقو لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقیش رۆڵی ئەکتیڤی بینیوە لەپاراستنی خاکی هەرێمی کوردستان، بۆیە بەهیچ جۆرێک قبوڵی ناکەین هێزی پێشمەرگە وەک میلیشیا لەلایەن کۆمەڵێ شۆڤێنییەوە ناوببرێت.

وتیشی "ناسنامەی پێشمەرگە یەکێکە لە مەسەلە جەوهەرییەکانو پێداگری توند دەکەین لەبەغدا بۆ مانەوەی ناسنامەی پێشمەرگە وەک خۆیو ئیعتراف پێکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزێکی نیزامی لەهەرێمی کوردستاندا".

لەبارەی بودجەی دیاری کراوی هەرێمی کوردستانیشەوە، مامۆستا نەسروڵلا سورچی کاندیدی حزبی زەحمەتکێشان لەپارێزگای هەولێر ئاماژە بەوە دەکات، بێگومان دیاریکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بە رێژەی ١٧% بەهەوڵو ماندوبوونێکی زۆری برادەرانی لیستی هاوپەمانی کوردستان هاتۆتەدی ئەگەر نا لیستەکانی تری ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو رێژەیەش بەزۆر دەزانن و هەوڵیان دەدا رێژەی ١٢% بۆ هەرێمی کوردستان دابینبکرێت.

وتیشی "ئێمە ئەگەر متمانەی خەڵک بەدەست بهێنین ئەوا هەوڵی تەواو دەدەین کە ئەو رێژەیە زیاتر بکەین بۆ رێژەی ٢٠% و زیاتریش، چونکە پێمانوایە کورد بەرێژەی لە ٢٥% دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنێتو زوڵمی لێکراوە کە ئەو رێژە کەمەی بۆ دانراوە، لەوبارەیەشەوە درێغی ناکەین لەچەسپاندنی رێژەی پێویشت بۆ هەرێمی کوردستان لەبودجەی گشتی عێراق".

لەبارەی پۆستە سیادیەکانی حکومەتی داهاتووی عێراقەوە، مامۆستا نەسروڵلا سورچی وتی "مەسەلەی پۆستی سیادی ئەو مافییێکی رەوای گەلی کوردە، چونکە کورد پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراقەو رۆڵی کارگەری هەبووە لەبنیاتنانەوەی عێراقی نوێ ناکرێت ئێستا وەک خێر پۆست بەکورد بدەنەوە، بەڵکو ئەوە مافێکی دەستووری خۆمانە بەتایبەت کە پێشبینی دەکرێت کورد لەم هەڵبژاردنەدا نزیکەی ٦٥ کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت".

ئاماژەی بەوەشدا، لەئەزموونی رابردوودا ئەو سەرکردە کوردانەی پۆستیان هەبووە لەبەغدا سەرکەتوو بوون لەئیدارەکردنی شوێنەکانیانو هەموویان کەسانی ئەکتیڤ بوون چ وەک کورد چ وەک بەرپرسێک لەحکومەتی عێراقدا، ئەمە جگەلەوەی رۆڵی سەرۆک مام جەلال نەک تەنها لەناوخۆی عێراقدا، بەڵکو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش کاریگەری ئیجابی هەبووەو بگەرە کەسایەتی سیاسی مام جەلال لەو پۆستەی کە سەرۆک کۆمار بووە گەورەتر بووە لەهاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا، لەبەر ئەوە وەک وتم بەهیچ جۆرێک رازی نابین کورد وەک بەشدا تەماشابکرێت نەک وەک شەریکێکی سەرەکی.



# "لەهەولێر بۆ (٩١٥) هەزار دەنگدەر (٤٧٣) بنکەی دەنگدان کراوەتەوە"

## "مافی هەر لایەنێکە باس لەدەستکەوتەکانی بکات، بەڵام دوربێت لەناوزڕاندن"

**ئا: هەنگاو هاشم ـ هەولێر**

بانگەشەی لیستەکان بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراق، کەبڕیارە لەبەرواری ٣/٧ بەڕێوە بچێت رۆژبەڕۆژ گەرمو گوڕی بەخۆیەوە دەبینێتو هەر لیستو کاندیدێکیش بەشێوەیەک بانگەشە بۆ خۆی دەکاتو هەموو هەوڵی خۆشیان خستووەتەگەڕ تاکو سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش باس لەوە دەکات سەرجەم پێشێلکارییەکان تۆمار دەکرێتو دواتر ئەو کەسو لیستەی پێشێلکاری کردووە سزا دەدرێت. بۆ ئەم مەبەستە "ئاڵای ئازادی" راپۆرتێکی ئامادە کردووە کەچەندین روونکردنەوە دەربارەی بانگەشەی هەڵبژاردنو ڕۆژی دەنگدان دەخاتەڕوو.

بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هەندرێن محەمەد تیشک دەخاتە سەرئەوەی کە ڕاوێژمان کردووە لەگەڵ شارەوانییەکان دەربارەی هەڵواسینی پۆستەرو وێنەی کاندیدەکانی لیستە جیاوازەکان، بەڵام وەزارەتی شارەوانی نیگەرانی خۆیان نیشانداوە بەوەی کە هەڵواسینی وێنەو پۆستەر لەستونەکانی کارەبا دەبێتە هۆی ناشیرینکردنی سیمای شار، بەڵام ئەگەر وێنەی کاندیدەکانو دروشمەکان لەستونەکان هەڵنەواسرێت لەکوێ هەڵبواسرێت، کێشە نییە، بەس هەڵواسینی پۆستەرو ریکلامی هەڵبژاردن بەپێی رێنماییەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەشوێنە حکومی و ئاینیەکاندا قەدەغەیە.

ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات لەشاری هەولێر (٩١٥) هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش (٤٧٣) بنکەی دەنگدان کراوەتەوە، هەروەها نۆ قەوارە لەشاری هەولێر بەشدارییان لەهەڵبژاردن کردووەو (١٤٨) کاندیدیش خۆیان کاندید کردووە بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی عیراق .

بۆ ئەوەی کەسی دەنگدەر لەڕۆژی دەنگداندا دەنگەکەی بەفیرۆ نەڕوات، پێویستە چی بکاتو چ رێوشوێنێک بگرێتەبەر، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان چەند ڕونکردنەوەیەک دەدات کە تیایدا باس لەشێوازی دەنگدان دەکات و دەڵێت، پێویستە کەسی دەنگدەر کەدەچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان ئەگەر هاتوو هەر لیستێکی ویست، ئەوا دەبێت هێمای ڕاست لەناو چوار گۆشەی لیستەکە دابنێت بێ ئەوەی لەچوارگۆشەکە دەربچێت، بەڵام ئەگەر هاتوو کەسی دەنگدەر ویستی دەنگ بدات بەکاندیدێکی لیستێکی دیاریکراو، ئەوا دەبێت هێمای ڕاست لەناو چوارگۆشەی کاندیدەکە دابنێت بێ ئەوەی هێماکە لەچوار گۆشەکە دەربچێت، هەروەها دەبێت هێمای ڕاست لەچوار گۆشەی ئەو لیستەش بدات کە ئەو کاندیدەی تێدایە کە کەسی دەنگدەر دەنگی پێدەدات.

بەرپرسیی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش باس لەوەش دەکات چەندین ئامادەکاریمان کردووە بۆ کەسی دەنگدەر بۆ ئەوەی لەڕۆژی دەنگداندا دەنگەکەی بەفیرۆ نەڕوات بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بڵاوکراوەمان ئامادەکردووە دەربارەی شێوازی چۆنیەتی دەنگدان، هەروەها بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن هاوکارمان بن.

لەلایەن خۆشیەوە مامۆستای زانکۆو پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کەمال سەعدی باس لەوە دەکات هەر کیانێک ئازادە لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا باس لەدەسکەوتو سەروەرییەکانی خۆی بکات، بەڵام نابێت ئەو کەسە، یان ئەو لیستە پۆستی ئیداری خۆی بەکاربهێنێ بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، بەپێی بنەماکانی دیموکراسیش پێویستە بانگەشە بەوپەڕی ئاشتیو ئارامی بەڕێوە بچێت، هەروەها لەڕووی یاساییەوە پێویستە کاندیدو لیستەکان ڕەچاوی ئەو ڕێسایانە بکەن کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دایناوە بەوەی کە نابێت دام ودەزگاکانو شوێنە حکومیو ئاینییەکان بەکاربهێنرێتو ئەم شوێنانە نەکرێنە مینبەری بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردن، هەروەها یاسا هەڵواسینی پۆستەری لیستێک لەسەر لیستێکی تری قەدەغەکردووەو بەکارهێنانی کەلەپەلی حکومیش بەهەمان شێوە، نابێت پەنا ببردرێتە بەر دڕاندنی پۆستەری لیستێکی تر.

دکتۆر کەمال، کە پرۆفیسۆرە لەبواری یاسای نێودەوڵەتیو دەستووریو مامۆستای زانکۆی سەلاحەدینە باس لەوەش دەکات کە هەر لایەنێک بۆی هەیە باس لەئامانجەکانی بکات، کە دەچێت بۆ پارلەمان ئامانج و دروشمەکانی بخاتەڕوو، بەڵام دوور بێت لەتەشهیر و ناوزڕاندنو هەڕەشەکردن بۆ سەر لایەنەکانی دیکە، کە لایەنێک لەسەر شانی لایەنێکی تر دەنگ بەدەست بێنێت، هەرکەسێکیش ئازادە لەوەی کە بۆ هەرلیستو لایەنێک بانگەشە بکات، بەڵام لەچوارچێوەی ئەو ماوەی کە کۆمسیۆنی باڵا دیاری دەکات بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن.



چینو توێژەکانی کوردستان بەپەرۆشەوە دەنگ دەدەن